**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**Kurdistan National Congress (KNC)**
**Kongrey Nîştmanîya Kurdistan**
**WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,**
**W 6 9 L P, U K. E-mail; wka@knc.org.uk**


**نامەی سەرئاواڵە**

**بۆ:**

**ڕێزدار کاک تاهیر کەمالیزادە/**

**سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

سڵاوی ئازادی و سەربەخۆییتان لێبێت. هیوادارین لەبەڕێوەبردنی چالاکی و خەباتی نەتەوەییتاندا سەرکەوتووبن.

**بەڕێزان!**

وەک ئاگادارن، **ڕێکەوتی 16/5/2009 لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، نامەیەک ئاراستەی بەڕێزتان کرا.** هۆی ناردنی نامەکەش لەوەوەهات کە لە **کۆنگرەی (٦)ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، کە ڕێکەوتی 18/4/2009 لە لەندەن** گیرا، کۆنگرەی (٦) بەتێکڕای دەنگ پەسندیکرد، لەپێناوی پەرەپێدانی بیروباوەڕی سەربەخۆیی و، بەهێزترکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەدەرەوە و، لەنیوخۆی وڵات، پێویستە هەردوو سازیی نەتەوەیی **(KNC و KNK)** هاوکارییەکی چڕوپڕ دەستپێبکەن.

جێگەی داخە، پاش تێپەڕبوونی ٨ مانگ بەسەر ناردنی ئەو نامەیە، لەلایەن ئێوەوە هیچ وەرامێکمان پێنەگەیشتووە. ئەمە لە کاتێکدا **بەڕێز کاک تاهیر کەمالیزادە** دوو جار بە تەلەفۆن لەگەڵ **هاوبیر سیروان کاوسی ئەندامی سەرکردەیەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان** قسەی کردووە و، لەوتەکانیدا جەختی لەسەر پێویستیی هاوکاری و هاوخەباتیی نێوان ئەم دوو دەزگە نەتەوەییە کردووە و، فەرموویانە هاوکاریی نێوان ئەم دوو سازییە نەتەوەییە دڵی نیشتمانپەروەران و نەتەوەی کورد خۆشدەکات! ئەمە لەکاتێکدا نوێنەرانی KNK لە وڵاتی نۆرویژ، چەندین جار بەڵێنیانداوە، بەزوویەکی زوو وەرامی نامەکەی کۆنگرە و، داوا و پێشنیازی کۆنگرە بۆ لێکترنیزیکبوونەوەی هەردوو کۆنگرەکە دەدەنەوە، بەڵام هەر جارە بیانوویەکیان کردووە بەهۆکاری دواکەوتنی وەرامنەدانەوەی نامەکەی کۆنگرە.

جێی سەرسووڕمانە، لەماوەی دە مانگی رابوردوودا، هێندێک جار لەرێگەی NewrozTv و RojTv وە، پەیامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانمان گوێلێدەبێ، کە داوای سازکردنی بەرەی نەتەوەیی و یەکێتیی نەتەوەیی دەکەن لەنێوان سازی و پارتی و رێکخراوەسیاسییەکانی کوردستان. لە بەرێزتان دەپرسین، یەکێتیی نەتەوەیی چۆن پێکدێت، کە بە دەمانگ وبەساڵیش نەتوانن وەرامی نامە و پێشنیازی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بدەنەوە، کە لەسەدان زانا و نیشتمانپەروەری خاوەنئەزموون و لێهاتوو پێکهاتووە و، چارەکە سەدەیەکە، بەبێلادان لە باوەڕ و پرنسیپی نەتەوەیی، خزمەتی گەورەی بە پێشخستنی بیری زانستانەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان کردووە و، ئێستاش لەنێوخۆ و لەدەرەوەی کوردستان، بەشێوەیەکی بەرفرەتر لە پێشوو، خەبات و چالاکیی نەتەوەیی خۆی دەبات بەرێوە؟

لەروانگەی ئێمەوە، یەکێتیی نەتەوەیی لەنیوان ئەو کەسایەتی و لایەنانەدا پێکدێت، کە باوەڕیان بە رزگارکردنی نیشتمانی داگیرودابەشکراو و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە. بەرەی راستینەی نەتەوەیی، بەو کەسایەتی و لایەنە سیاسییانە پێکدێت، کە لە هەڵوێست و بریاردانداا سەربەخۆبن و، مەرج و پێوانەی هاوکاری و هاوخەباتییان بەپێی باوەڕ وپرنسیپی نەتەوەیی و کوردستانیی بێت.

لەروانگەی ئێمەوە، رزگارکردنی نەتەوەکەمان لەژێرچنگی داگیرکەرانی خوێنرێژ و رەگەزپەرستی تورکیا و عێراق و ئێران و سووریا، بە سازکردنی یەکێتییەکی راستینەی نەتەوەیی دێتەدی، کە تێیدا رێز لەبیروڕای یەکدیی بگرین و، چ بیرۆکە و بەرژەوەندییەکی لاوەکیی، نەتوانێ ببێتە رێگر لەبەردەم ئامانج و بیروباوەڕی پیرۆزماندا.

**لە کۆتاییدا، پیرۆزبایی نەورۆز و ساڵی تازەی کوردیتان لێدەکەین. هیوادارین ساڵی ٢٧١٠ی کوردیی، ببێت بە ساڵی یەکێتیی نەتەوەیی و پەرەپێدانی بیری رزگاری و سەربەخۆیی لەسەرتاسەری کوردستان!**

**پیرۆزبێت خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لەپێناوی رزگاریی یەکجارەکی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**19/3/2010/ نەورۆزی ٢٧١٠ی کوردی**

KNC
P.B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway
0044 – 208 748 78 74
0047 – 93 83 99 53
knc@ribrahim.de
post@kncsite.com
www.kncsite.com